# بۆچی مام جه لال نایه وێت سه دام له سێداره بدرێت.؟

شێرزاد خه راجیانی

بوونی به ڕێز مام جه لال به سه رۆك كۆماری عێراق ، كۆمه ڵێك دید و بۆچوونی جیا جیای له نێوه ندی ڕامیاری و ڕۆشنبیری كوردستانی ، عێراقی،ناوچه یی ، جیهانیدا درووست كردوه. كه مه به ستی ئه م نووسینه خوێندنه وه ی نێوه نده كوردیه كه یه. كۆمه ڵێك ووتاری خۆشحاڵی و پشتگیری و هه ڵسه نگاندنی ڕووداوه كه نووسرا و به فراوانی به ڕووداوێكی مه زن و وه چه رخانێكی مێژوویی ناساندیان.

گرووپی دووه م كه ووتنه كولاندنه وه ی برینه كانی شه ڕی براكووژی وكاتێك ئه و نووسراوانه ده خوێنیته وه ، هه ست ده كه یت پێنووسه كه ی ی دانی به خۆیدا گرتووه تا دوو سێ دێڕی یه كه می كردۆته پێشه كی جنێو نامه یه ك به مام جه لال.

كه خۆشی و شادی خه ڵك و ئه و هه موو ئاهه نگه ، لای ئه م چ پرسه یه كی درووست كردووه. باشترین وه ڵامێكی سه رپێیی بۆ نووسینی سه رپێیی له و جۆره، به بڕوای من ئه وه یه به وانه بووترێت، خوا سه بووری خه متان بدات.

ئازادی واته سه ربه ستی بیر كردنه وه و هه ڵوێستی جیا ، به ڵام واتای درۆ ناكات.

له نووسینێكدا براده رێك ووتویه تی (ی.ن.ك) وا ده زانێت كه مام جه لال به بێ (پ.د.ك) ، بۆته سه رۆكی عێراق. ئه وانه ی بوونی مام جه لال به سه رۆك تووشی هێستریای مێشكی كردوون ، له لایه ك ده یانه وێت ڕووداوه كه بچكۆله و پۆستی سه رۆك كۆماری عێراق نزم كه نه وه به خه یاڵ، له هه مان كاتیشدا ده كه ونه جوێن دان به مام جه لال.

1) مام جه لال مرۆڤه پێش ئه وه ی ڕامیاری، نووسه ر، ڕۆشنبیر، سكرتێری پارتێك، سه رۆك كۆمار بێت. جا مرۆڤ چه ند بلیمه ت و به تواناش بێت ، شایه نی ئه وه یه له ژیانی دا هه ڵه بكات، نه خوازه ڵا كه سێكی وه ك مام جه لال له ته مه نێكه وه تێكه ڵاو به ڕامیاری و جیهانی ڕۆشنبیری بووه، كه زۆر منداڵی كورد له و ته مه نه دا هێشتا خه ریكی چاو شاركێ و ئاشه به ته نووره یه. كه سێك 60 ساڵ له ژیانی دووروودرێژی پڕ له خه باتی شاخ و شار هه ڵه ی نه كردبێت، جگه له دیكتاتۆره كان نه بێت، كه مێژووی درۆیان بۆ ده نووسن ده بێت كامه سه ركرده بێت.

2) ئه وانه ی بابه تیانه و بێ لایه نانه ده یانه وێت بزانن، بۆچی ماس میدیای یه كێتی باسی قۆناخێكی ژیانی ئه ویان نه كردووه ، ده ڵێم كاتێك تۆ باسی شۆڕشی كورد له باشوور ده كه یت ، هه موو ڕووداوه كان كۆمه ڵێك ئه ڵقه ی گرێدراوی به یه كه وه به ستراوون، كه دابڕانیان له یه كتر ده تكاته لایه نگری لایه نێكی ئه و كێشه یه كه تا ئێستا به داخه وه درێژه ی هه یه.

له 1964 ماڵی كورد درزی تێكه وت ، وپارتی بوه 2 باڵ، هه ڵبه ت مام جه لال ڕابه رایه تی باڵی مه كته بی سیاسی پارتی كردووه.له 1970 پارتی یه كی گرته وه. شه ڕی براكوژی به بڕوای من ڕه شترین لاپه ڕه كانی مێژووی ئێمه یه، له و ساڵانه دا هه ردوو ده وڵه تی عێراق و ئێران بۆ خۆشكردنی شه ڕه كه كۆمه كیان به هه ردوو لایه نی كوردی كردووه. هه موو پارته كانی كوردستانیش له ڕۆژه ڕه شه كانی شه ڕی یه كتر كووشتندا تووشی هه ڵه بوون، له به ر ئه وه زۆر ناجوامێریه كاتێك، ئه وه ی خۆت ده یكه یت به كوردایه تی ، ئه وه ی من به خراپایه تی ده نووسیت له كاتێكدا

هه موومان وه ك يه ك يه كترمان كووشت بێت، جا گووله ی عێراقی یان ئێرانی بێت.
جا بۆ ئه وه ی برینه كانی ڕابردوو نه كولێنرێنه وه، بۆ به رژه وه ندی نیشتمانی ده بێت ماس مێدیای كوردی ڕۆڵی یه كخستنه وه و پۆزه تیڤانه بگێڕێت، نه ك خویٚ بكات به برینه كانی دڵی هه مووما ن ، چونكه ئێمه هه ر ڕه نگێك بین ، كوردین.

3) مام جه لال كاندیدی هاو په یمانی كوردستانه ، كاتێك ئه و پۆستی سه رۆك كۆماری عێراقی وه رگرت ئه وه سه ركه وتن بوو بۆ ئه و لیسته (پارتی، یه كێتی).
سه ركردایه تی یه كێتی و ماس مێدیاكه ی زۆر به ئاشكراو ڕوونی ڕۆڵی به ڕێز (كاك مه سعوود بارزانی و پارتیان) باس كردووه. بۆیه ئیمڕۆ به بڕوای من نه پارتی نه یه كێتی ناتوانن بانگه شه ی پارتی یه كه م و فه رمانده بكه ن. وه كی تریش سه نگ و قوورسایی سه ركردایه تی ڕامیاری خه ڵكی كوردستان له هاو ده نگی و یه ك هه ڵوێستی هه ردووكیاندایه.
4) هه ڵبژاردنی مام جه لال كۆتایی ده ستوورێكی 80 ساڵی عه ره بی عێراقی بوو، كه كورد نه ك بێبه ش بوو لێی ، به ڵكو ئاڕاده ی حه رام بڤه بوو.
هه موو جیهانی عه ره ب و فارس و تورك به بیانووی ،كورد هه رگیز ده وڵه تی نه بوه، ئاماده نه بوون ته نانه ت گویٚ له ووشه ی فیدراڵیش بگرن . بۆیه ئێستا له ناچاریاندا ده ڵێن به ڕیشی مه ردانه ت. كاتێك كه (یه كێتی و پارتی) هاو ده نگ ده بن كه (مام جه لال) بێته سه رۆكی عێراق، واته زۆربه ی خه ڵكی كوردستان ده نگیان داوه ، به وپێیه ی (پارتی و یه كێتی) له هه ڵبژاردندا زۆربه ی ده نگه كانیان هێناوه، بۆیه سووكایه تی و جوێن دان ، سووكایه تیه به وویست و ئیراده ی گه لی كوردستان. بۆیه بمانه وێت یان نا ڕۆژی 6 ی نیسان ڕۆژێكی مێژووی گه لی كوردستان و ، سه ركه وتنی ئیراده ی سیاسی كورده،له عێراقی ئاینده دا.
5) مام جه لال سه دان جار ڕژێمی عێراق هه وڵی تیرۆركردنی داوه و، جاشه كانی سه دامیش برا و برازایان كووشتوه.بۆردوومانكردنی (یاخسه مه ر و سه رگه ڵوو) هه ر به هه وڵی تیررۆر كردنی ئه و ده كرا.

پیاو كه شه رمی نه كرد،ده توانێت درۆی گه وره گه وره بكات. بۆیه گه ر خودی سه دام ڕقی زۆر له مام جه لال نه بووبێت ، له 1988 به ته نها جیای نه ده كرده وه. كاتێكیش پێش 2 مانگ ڕووخانی، سه دام ده یزانی سه نگ و قوورسایی مام جه لال، چه نده ، بۆیه له كاتێكدا ئه مریكا به و هه موو چه ك و توانا سه ربازییه ی كه هێنابووی، كه وه زیری ده ره وه ی قه ته ری سه رسام كردبوو،سه دام نامه یه كی هه ڕه شه ی بۆ مام جه لال نه ده نووسی(هه ر لێی ترساوه).
هه مووكه سێك ئازاده به وه ی مام جه لالی خۆش ده وێت یان نا، به ڵام زۆر بێ ڕه وشتییه درۆ كردن به ده م سه ركرده یه كه وه،كه نیوه ی خه ڵكی كوردستان به سه ركرده ی خۆی بزانێت ، ئێستاش یه كه م سه رۆكی كوردی هه موو ده وڵه تی عێراقی فیدراڵی یه.
6) مام جه لال سه رۆكی عێراقه ، عێراقێك كه عه ره ب زۆرینه یه .پیا و به هه ڵه دا ده چێت ،گه ر هه ست بكات، ده بێت مام جه لال به كوردی په تی قسه بكات ، تا مه سه له ی كوردستان وه ستابێت ، ئه م باسی هیچی تر نه كات.

ئیمرۆ لە پراکتیکدا هیچ پارتێکی کوردی نایە وێت دە وڵە تی کوردی ڕابگە یە نێت،
لە بە ر ئە و هۆکارانە ی کە هە موومان دە یزانین.
کە واتە هە موو داواکانی خە ڵکی کوردستان ،داوایە کە لە چوار چێوە ی دە وڵە تی عێراقیدا ( فیدراڵی،...هتد ) .
پێچە وانە ی ئە م بۆچوونە نابینرێت ، تە نانە ت ململانێی بە هێز لە نێوان یە کێتی و پارتی هە یە لە سە ر پۆستە کانی دە وڵە تی عێراق.
بۆ نموونە پارتی 2 وە زیر دە دات بە یە کێتی لە بە رامبە ر جێگری سە رۆك وە زیرانی عێراقیدا.
کە واتە بە و پێیە ی کە سە رۆکی عێراقە ، دە بێت لە ئاخاوتندا دە بێت بە رژە وە ندی نە تە وە یی عە رە ب و کورد و تورکمان و هە موو کە مە نە تە وە یی و ئاینیە کا نی وە ك فە لە ، یە زیدی، سائبی ڕە چاو بکات.
7) کە س ناتوانێت گرە نتی ئە وە بدات بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق گۆڕانی بە سە ردا نایە ت، سە دام نو ێنە رایە تی عە رە بی سونە لە عێراق و عە رە بی نە تە وە یی لە جیهانی عە رە ب کردووە. بە پێچە وانە ی تێڕوانینی زۆربە ی هە رە زۆرمان،کە پێشبینیمان دە کرد دوای 9 ی نیسان، بە عس تۆزیشی نامێنێت، بە ڵام بە عس، ئێستاش هە یە و هێزی شە ڕیشی بە توانایە.
عە رە بی سونە ی عێراقی قووڵایە کی ستراتیژی هە یە ، کە دە رکردنی ئە وان ئێستا لە بازنە ی دە سە ڵات ناکاتە ئە وە ی ، بووترێت تا هە تا یە ئە وان پە راوێزی دە سە ڵات دە کرێن. ڕاستە سە دام ئە وە ی دژی کورد کردوە( کە کردویە تی)......
بە ڵام دژی گە لانی تری عێراقیشی کردووە. گە ر شیعە دە وڵە تێکی گە ورە ی وە ك ئێران و شیعە ی هە موو جیهانی لە گە ڵدایە، تورکمان ، دە وڵە تی تورکیای هە یە.. پرسیار ئە مە یە کورد تە نها لە ئێستادا بە رژە وە نیە کانی ئە مریکا ، ئە و ووڵاتە ی کردۆتە دۆستی، کە واتە بۆ چی دە بێت کوردێك ئیمزای لە سێدارە دانی سە دام ئیمزا بکات، کە ئە وە ئیمزا کردنی دۆکومێنتێکی مێژووی دوژمنایە تی کورد و عە رە بی سونە وهە موو عە رە بی شوڤێنی وعە رە بی ناسیۆنالیستە. مام جە لال کوردە پێش ئە وە ی هە رناسنامیە کی تری هە بێت،
کە واتە هە ر هە ڵە یە کی مێژووی لە دە سە ڵاتی ئە ودا ، هە ڵە یە کە بۆ کورد ، هە رسە رکە وتنێکی ئە ویش سە رکە وتنە تە نها بۆ کورد.
جا هە ر کە سێك پێش بینی ئە وە ی کردبێت و خوێنە رە داماوە کانی چاوە ڕوانی ئە گە ری تر کردبێت بۆ مام جە لال (لە خە یاڵ و لە خە ودا ) ، بە ڵام هە ردوو پارتی گە ورە ی کوردستانی کە نوێنە ری زۆربە ی گە لی کوردستانن,........
سە رکردە یە کی ماندوو نە ناسی وە ك مام جە لال دە کە نە کاندیدی گە لە کە مان و دە بێت بە سە رۆکی کۆماری عێراقی فیدڕاڵی، ئە وا با خۆی دوێنێ و ئە مڕۆ ی خۆی بوێرانە هە ڵبسە نگێنێت. بزانێت قاوە ی گرتۆتە وە یان ....؟
کە شە رم ناکە یت دە توانیت هە موو شتێك بکە یت.
سڵاو لە و پێنوو سانە ی دە بنە دە رمانی برینی ماڵی کورد ،و بۆ یە کێتی کورد دە نووسن، نە فرە ت لە و شە یتانانە ی خە و بە یە کتر شکاندن و یە کتر کوشتنە وە دە بینن.